## سینەمای بۆکان


نووسین و ئامادەکردنی: **مەنسوور فەروخی**

ئەم بابەتە لە درێژەی وتارێکدا دەنووسم کە پێشتر سەبارەت بە سینەمای بۆکان نووسیبووم و لە ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات – بۆکاندا بڵاو کرابووەوە.

لێرەدا، مەبەست دووپاتکردنەوەی نووسراوەکانی پێشوو نییە، بە پێچەوانە تەنیا باس لەو شتانە دەکەم کە پێشترنەگوتراون و واهەیە بەشی زۆری خوێنەرانیش لێیان ئاگادار نەبن. لێرەدا سپاسی زۆری ڕەعناخانم ئەحمەدین دەکەم کە زانیاری و بەڵگەنامەکانی ڕاگەیێنراوی نێو ئەم ووتارەی بۆ من ولە ڕاستیدا بۆ خوێنەران و بۆ مانەوە لە مێژووی وولاتەکەیدا ناردووە. نموونەی ڕەعناخانمی بەڕێز هەر زۆر بێت.

***

ئەوە وێنەی بەڵگەی کڕینی زەمین لە لایەن سەتار عەلیپور خەڵکی مياندواو، لە برایانی ئیلخانی زادەیە بە مەبەستی درووستکردنی سینەما لە شاری بۆکان.


1-JAN-2008 17:00 FROM:RAYKA BAMBOO 02144285084 TO:00318

وزارت دادگستری

ثبت کل اسناد و املاک

ئەوەش دەقی لەبەرنووسراوی بەڵگەنامەکە:

وزارت دادگستری

ثبت کل اسناد و املاک

ثبت اسناد و املاک شهرستان مهاباد، دفتر ١٢ بۆکان

صفحه ١

رونوشت سند قرارداد — مورخه ٣١ تیرماه ١٣٤٠

شماره ٢٦٢٢/٢٦١٢

به آقای ستار علیپور داده میشود:

آقایان ابراهیم، اسماعیل و محمدامین ایلخانیزاده به شناسنامه های شماره ١٩ ، ٢١ و ٣ تماما فرزندان آقای محمود آقا ساکن بوکان، اقرار نمودند که مقدار چهارصد متر مربع از زمین پلاک ١١٤ اصلی واقع در قریه علی اباد بوکان بطول ٣٢ متر و ١٢،٥ متر عرض به آقای ستار علیپور به شماره شناسنامه ٥٢٨ میاندوآب فرزند حبیب مرحوم ساکن میاندوآب فروخته اند و قیمت همه را دریافت داشته اند وتعهد نمودند پس از رفع موانع ثبتی مقدار مزبور را بطور قطعی طبق سند رسمی به آقای ستار علیپور انتقال دهند و فروشندگان ملتزم و متعهد گردیدند چنانکه از حال تا پنج سال شمسی کسی بمقام اعاده زمین مزبور برآمد، مبلغ یکصد هزارریال وجه التزام به آقای ستار علیپوربپردازند و زمین مزبور شمالا خیابان کشاورزی جنوبا زمین آقای ابتیاعی شرفکندی و شرقا به زمین اربابی. توضیح اینکه که مرز غربی زمین که پیاده رو خیابان پهلوی است دوازده متر و نیم عرض وحدود شمالی زمین که در خیابان هیجده متری است به طول سی ودو متر است.

تاریخ سی ویکم تیرماه یکهزار و سیصد وچهل شمسی برابر با هشتم صفر یکهزار و سیصد وهشتاد ویک قمری.

محل امضا ابراهیم ایلخانیزاده، اسماعیل ئیلخانیزاده و محمدامین ایلخانیزاده به احراز پیوست[؟] ......

مراتب مسطوره در نزد اینجانب قلمی شد بتاریخ متن[؟] شرفکندی.

رونوشت برابراصل است. مبلغ ٣١٣ ریال تمبربه اصل الصاق شد.

سردفتر اسناد رسمی شماره ١٢ شهری [؟] بوکان، شرفکندی ١٣٤٠/٩/٧ [مهر و امضاء]

لە ناوەڕۆکی سەنەدەکە وادەردەکەوێت کە بەڵگەی سەرەکی نەبێت و ڕوونویشت بێت، واتە وەک لە دەقەکە دا هاتوە، بەڵگەی فرۆشی "قطعی" و "سەبتی" دوای چارەسەرکرانی "بەربەستی سەبتی" دەردەکرێت. ئەو بەربەستە دوور نییە هەمان کێشەی عەرصە و ئەعیانی مڵکەکانی بۆکان بێت کە لە کۆنەوە لە نێوان ئاغاکانی بۆکان و خەڵکی شارەکەدا هەبوو.

سەتار عەلیپوور کێ بوو؟

سەتار عەلیپور پێگەییشتوی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند و باغدارە لە میاندواو. سەتار لە پەنا باغداریدا کە بە میرات پێی گەیشتبوو، کار و کاسبی دیکەشی بەلاوە دە کرد. ناوبراو نوێنەرایەتی شیرکەتی جیپی لە میاندواو هە بوو، هەروەها خاوەنی ڕیزە دووکانێک و سینەمای میاندواویش بوو. هۆی دروستکردنی سینەما لە بۆکان لە لایەک دە گەڕێتەوە بۆ دۆستایەتییەك کە مەرحومی سەتار عەلیپور لەگەڵ ئاغاکانی بۆکانی هە یبوە (بە فروشتنی ماشینی جیب و تراکتۆر و کومباینی) لە لایەکیتریشە وە ئەزموونی سینەماداری لە میاندواو. مەرحومی سەتار لەگەڵ ئاغاکانی دە وروبە ری بۆکان وسە قز و مە هاباد و نەغەدە و شنۆ دۆستایەتی و ئالشووێرشی کردووە، و کەرەسەیەکی زۆری لە ماشینی جیپ و تراکتور و کومباینی، بە قەرز و قیستی ساڵانە پێ فرۆشتوون.

بەر لە دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێزدار کەریم ئەحمەدین (وە زیری پۆست و تیلەگراف لە کۆماری کوردستان) ئەرکی بەرپرسایەتی شیرکەتی نەوتی میاندوای لە ئەستۆ دەبیت و ئەوەش دەبێتە هۆی دۆستایەتی ئەو بەرێزە لەگەڵ بنەمالەی سەتار عە لیپور.

لە کۆتایی مانگی بەهاری ساڵی ١٣٤٠ کاتێک کە بنەماڵە ی ئەحمەدین بە مەبەستی پێکهێنانی گوندێك بۆ خاتوو رەعنا، بە هۆی وەرگرتنی دیپلۆم، بەرەو قەباغکەندی ماڵی خاڵی وەڕێ دەکەون، لە کارێژی میاندواو تووشی سەتار دەبن و داوایان لێ دەکات کە میوانداریان بکات. کاتێک سەتار لە مەبەستیان تێدەگات کە بە مەبەستی گووەند بۆ قەباغکەندی دەچن، گەلێك پێی خۆش دەبێت و دەڵێت کە غوڵام حەیدەریش دیپلۆمی وەرگرتووە و با بیکەین بە دوو.

خاتوو رەعنا کچی گەورەی رێزدار کەریم ئەحمەدین دەبێتە هاوسەری غوڵام حەیدەرعەلیپور کوڕی گەورەی سەتار. زەماوەندی غوڵام حەیدەر و خاتوو رەعنا ئەو کات دەنگدانە وە یەکی زۆری لێ دەکەوێتەوە و بە زەماوەندێکی شاهانە نێوی دەبەن، واتە لەو کاتەوە کە بووك بەرەو ماڵی زاوا وڕێ دەکەوێ هەتا دەگاتە ماڵی، چاردە جار قوربانی لەبەر دەم دەکرێت، کە ئەوە خۆی دەبێتە هۆی درەنگ گەیشتنی بووک بۆ ماڵی زاوا.

بە هۆی خزمایەتی دایکم لەگەڵ بنەماڵەی ئەحمەدین، بە خوشییە وە توانیم بەڵگەی سەرەکی کڕینی زەمین بو سازکردنی سینەما بە فاکس وەربگرم.

بە پێی ئەو سەنەدە، شوێنی سینەما لەگەڵ ماڵی ڕێزدار شەرەفکەندی و مامۆستا حەقیقی و ئەوانەی تری دەوروبەریان لە مەحدودەی عەلیابادی بۆکاندا بوون. واتە مەحدودەی شاری بۆکان ئەوکات تا شیرکەتی نەوتی قەدیم بووە.

سازكردنی بينای سينەما شتێك زياتر لە ساڵێكی پێ دەچێت وجێگەی دانيشتنی سێ سەد كەسی تێدا ئامادە دەكرێت. سينەما لە ساڵی ١٣٤١ دا دەست بە كار دەكات. خاتوو رەعنا ئاوا باسی دەست بە كاركردنی سينەما دە كات: "عە لی داداشوند، ناسراو بە عەلييە شەل لە سينەمای بۆكان يەكەم كەس دەبێت كە پرس و ڕای پێدەكرێت بۆ وەڕێ خستنی سينەما لە بۆكان، كە بەر لەوە لە مياندواو كاری پرۆژێكتوری لە سينەمای ئەو شارە كردبو. هە رووەها دابين كردنی چە ند كەس بۆ كار كردن لە سينەما، كاك غەفوور ئاشناگەر كە پيشتر پەيوەندی دۆستانەی لەگەڵ سەتار عليپور دەبێت، وەک سەرپەرشتی كريكارانی سينەما دياری دەكرێت." بە پێچەوانەی ئەوی كە دەگوترێت، كاك غەفوورهەتا ساڵی ١٣٤٧ خاوەنی سينەما نەبووە و نيوە بەشێشی نەدراوەتێ. بە پێی ئەو بەڵگەيەی كە خاتوو رەعنا وەك دەست خەت لە ئيدارەی سەبتی ورمێ وريگرتووە، كاك غەفوور لە ساڵی ١٣٤٧ دا دەبێتە خاوەنی ئەعيانی (واتا بينای سينەما).


لە ساڵەكانی ٤٥ و٤٦ دا كاروباری سينەما بە رەو كەسادی دەڕوات و خاتوو رەعنا خۆی بۆ سەرپەرشتی كردنی سينەما دێتە بۆكان و ماوەی نزيك بە دوو ساڵ لە بۆكان، لە باڵەخانەكەی بينای سينەما دا نيشتە جێ دەبێت. خاتوو رەعنا لە سەردەمەكانی دامەزرانی پايگای كەشاوەرزی لە سە ڕێی مياندواو مەهاباد لە ساڵی ١٣٤٧، لە و شوێنە وەك كارمەند دادەمەزرێ و سينەمای بۆكان دێتەوە سە ر رەواڵی پێشووی خۆی و كاك غەفوور ئاشناگەر ديسان سەر پەرەشتی كاروبارەكان بە ئەستۆوە دەگرێتەوە كە لە ئەنجاميشدا دەبێتە خاوەنی شەشدانگ ئەعيانی سينەما.

كار وكاسبی سەتارعە ليپور لە ساڵەكانی ١٣٤٢ و ١٣٤٣ دا، بە هۆی دامەزرانی ئيسلاحاتی ئەرزييە وە كە دەبێتە هۆی نزمی داهاتی ئاغاكان لە ناوچە دا و نەمانی دە و دوو و نەدانی قيستەكانی ساڵانە لە لايەن مشتەرييەكانييەوە، كەسادی دێنێت، باغات لە دەست دەچن، نمايەندەگی جيپ نامێنێ و شيركەتی جيپ دەست بەسەر مڵكەكانيدا دەگرێت كە يەك لە وان سينەمای بۆكان دەبێت. لە كۆتايی زستانی١٣٥٥ لە نيوەشەوێكدا سينەمای بۆكان ئاور دە گرێت، عەلييە شەل دەڵێ ئيتسالی كارەبا دەبێتە هۆی ئاورگرتنی سينەما(؟) كەس بۆ كووژاندنەوەی ئاگری سينەما نە چوو. لە دوای فەوتی سەتار، غوڵام حەيدەر كە چەند ساڵيک بە ر لە فەوتی بابی تووشی نەخۆشيەكی گران دەبێت، ئيتر وەك وەرەسە توانايی سەرپەرشتی كاروباری نابێت وكاتی ئاڵوگۆڕەكەی ئێران دێت.

لە بەڵگەكە دا هاتووە، كە زەمينەكە لە برايانی ئيلخانی زادە كڕدراوە. لە دوای تەفكيكی زەمينەكانی بۆكان و دياری كردنی بەشی هەريەك لە برايانی ئيلخانی زادە، ئە وكات روون نەكراوە كە زەمينی سينەما بە لای كام برادا كە وتووە. بە پێی ئەوی كە سەتارعە ليپور شكستيی دێنێت و دواييش فەوت دەكات، وەرەسەكەی واتە غوڵام حە يدەريش، بە هۆی نە خوشييەوە توانايی رەفع و رجوعی كارەكانی نابێت، سينەما بە بێ خاون دە مێنێتەوە.

بە وردبوونەوە لەو بەڵگەنامە دەستخەتەی وا لە ورمێ بە خاتوو رەعنا يان داوە، دەردەكەوێت كە كاك غەفوور دوای ئەوەی كە لە ساڵی ٤٧ دا دەبێتە خاوەنی شەش دانگ ئەعيانی سينەما، خۆی دەست دەكات بە چەند مامەلە لەسەر ئەعيانی سينەما، هۆی ئە و كارەش دەگە ڕێتەوە بۆ چۆنيەتی كڕينی شەش دانگ ئەعينای سينەما لە لاين كاك غەفوورەوە. كاتێك كە شيركەتی جيب دەست بە سەر ئەعيانی سينەما دا دەگرێت و لە لايەكی تريشەوە كار و كاسبی سينەما بەرەو كەسادی دەڕوا و خاتوو رەعنا

سینەما بەجێ دیلێت و لە ئیدارەی کەشاوەرزی دەبێتە مووچە خۆر، ئەوکات ناوی حەیدە ر ئەکبە ریان (حیدراکبریان) دێتە کاییەوە.


اعیانی

- برابر سند ۶۴۴۵/۴۷،۲،۱۷ دفتر ۱۸۸ تهران - بنام غفور ... برابر اسناد ۱۱۸/۴۹،۱۲،۱۱ و ۴۹۴/بدون تاریخ دفترخانه ۱۱ بوکان چهار دانگ از
- طرف آقای ... به حیدر اکبریان انتقال قطعی و برابر سند ۵۴۰۲۲/۵۲،۷،۱ دفترخانه ۲ رضائیه --- ۲ دانگ هم از طرف ... وثیقه
- قرار داده شده و برابر سند ۱۷۴۹/۵۲،۹،۱۴ دفترخانه ۱۱ بوکان :
- سه دانگ اعیانی از طرف حیدر اکبریان در حق مسعود نقیب و ... (بالسویه) انتقال شد --- یک دانگ
- دیگر حیدر اکبریان برابر سند ۱۸۱۴/۵۲،۱۱،۲۷ دفتر ۱۱ به مسعود نقیب انتقال شد ---
- برابر سند ۵۷۶۷۷/۱۳۵۵،۲،۴ دفتر ۲ رضائیه یک دانگ از طرف غفور ... در حق ... منصور نقیب انتقال شد:

حەیدە ر ئەکبەریان لە ساڵانی زووەوە شەریکی سەتار دەبێت لە سینەمای میاندواو، کاك غەفوور بە یارمەتی راستە وخۆی حەیدەر ئەکبەریان، شەش دانگ سینەمای بۆکان لە شیرکەتی جیپ لە تاران دەکڕێتە وە، و لە راستیدا حەیدەر ئەکبەریان دەبێتە خاوەنی ئەعیانی سینەما، هەرچەند ماوەی پینج ساڵی پێدەچێت تاکوو کاك غەفوور چوار دانگ بە سەنەد بە ناوی حەیدەر ئەکبەریان دەکات، و کاك غەفووریش وەك پاداش دوو دانگی پی دە بڕێت. کە وابوو مالکییەتی سینەما دێتەوە سەر جێی خۆی، هە ر دوو شەریك دەبنەوە خاوەنی سینەما، یەکیان خاوەنی زەمین و ئە ویتریان خاوەنی ئەعیانی. هەتا ساڵی ٥٥ حەیدە ر ئەکبەریان و کاك غەفوور چەند مامەڵەیەکیان بە سەنەد لەسەر ئەعیانی سینەما کردووە، کە ناوە کانیان بۆ خاتوو رەعنا ناسراو نین. لە دوای فە وتی سەتار و حەیدەر ئەکبەریان، هەر ئەو جۆرەی باس کرا، سینەما لە زستانی ساڵی ١٣٥٥ دا سووتا. وەرەسەی هەر دوو لا بایەخێکی ئەوتۆیان بە زەمینی سینەما نەدا و بە حاڵی خۆی بەڕەڵایان کرد.

خاتوو رەعنا باس لە کەم تەرخەمی خۆی و بنەماڵەکەی دەکات بۆ ئەوەی کە لە کاتی خۆیدا چالاکی ئەوتۆیان لە خۆ نیشان نەداوە بۆ سەبت کردنی زەمینی سینەما، تاکوو ساڵی ١٣٧٢ کە ئیدیعانامەیەك بۆ دادگای تە وریز دە نێرن و وەڵامەکەشی وەردەگرنە وە کە، سینەمای بۆکان لە کاتێکدا کە هەر سینەما نەمابوو، لە ساڵی ١٣٥٩ دا لەگەڵ سینەما کانی ئازەربایجان موسادرە کراوە بۆ بونیادی موستەزعەفان و جانبازان (بڕوانە بەڵگەنامەی کۆتایی ئەم ووتارە).

کاتێك کە شاری بۆکان دەگیرێتەوە و حکوومەت حاکم دەبێتەوە، زەمینی سینەما بە پینج میلیون تمەن دەفروشرێ بە کابرایەکی عەجەم.

1-JAN-2008 17:02 FROM:RAYKA BAMBOO 02144265084 TO:0031848731652 P.1

شماره ۱۴-۱۴۱۴
تاریخ ۱۳۷۲/۶/۲۹
پیوست ............

بسمه تعالی

اموال و دارائیهای استان آذربایجانغربی

آقای غلام حیدر ـ علیپور نماینده وراث مرحوم ستار علیپور

پاسخ نامه مورخ ۷۲/۶/۲۴ شما ـ اشعار میگردد همانطور که اطلاع دارید دادگاه انقلاب اسلامی تبریز در آبانماه سال ۱۳۵۹ کلیه سینماهای آذربایجانغربی را بموجب حکم شماره ۴/۸۳۹۴ ــ ۵۹/۸/۷ صادره از آن، دادگاه به نفع مستضعفان مصادره کرده است واخیراً" عرصه سینمای بوکان طبق مقررات از طرف اداره اموال ودارائیهای مستضعفان وجانبازان آذربایجانغربی بمزایده گذاشته شده وبفروش رفته است و فعلاً" در مورد شکایت شما وسایر ورثه اقدامی برای این اداره میسورنیست%

سرپرست اموال ودارائیهای استان آذربایجانغربی
محمد کاملی

ارومیه: چهارراه دانش ساختمان اموال طبقه سوم تلفن ۲۷۰۷۰ ـ ۲۸۱۱۳
صندوق پستی ۱۴۱۱